# نوێژ نەکەر حەجیشی دروست نییە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ عبد العزیز بن باز

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# تارك الصلاة لا يصح حجه

« باللغة الكردية »

## الشيخ عبد العزيز بن باز


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# نوێژ نەکەر حەجیشی دروست نییە

ئـەم پرسیارە ئاڕاستـەی شێخ عبد العزیز بن بـاز کراوە (ڕەحمـەتـی خـوای لـێ بێـت ) :

**پرسیار** : ئـایا حوکمـی ئـەو کـەسە چیـە کـە نوێژ نـاکـات، جـا نوێژ نـەکـردنـەکـەی بـەدەست ئـەنقـصـەد بێت، یـان هـەر لـەبـەر تـەمـەڵـی بێت، وە ئـایـا ئـەم کـەسە حـەج بکـات حـەجـەکـەی دروستـە ؟

**وەڵام** : سوپـاس وستـایش بۆ خـوای گـەورە ومیـهرەبـان وردود وصـەڵات وسەلام لـەسەر پێشـەوای مرۆڤـایـەتـی محمـدی پێغـەمبـەری ئیسلام و ئـال وبـەیت و هـاوەڵ وشوێنکـەوتوانـی هـەتـا هـەتـایـە .

هـەرکـەسێك حـەج بکـات و نـویـژ نـەکـەر بێت، ئـەگـەر هـاتوو ئـەو کـەسە ئینکـاری واجبیـەتـی نوێژ بکـات، بێگومـان ئـەوە بـەکۆدەنگـی زانـایـانـی ئیسلام بێبـاوەڕ دەبێت و حـەجیش بکـات حـەجـەکـەی صـەحیح و دروست نیـە، بـەڵام ئـەگـەر هـاتوو نویـژ نـەکـردنـەکـەی

لەبەر تەمەڵی بێت، ئەوە زانایان لەو بارەیەوە ڕایان جیاوازە، هەندێك ڕایان ئەوەیە حەجەکەی دروستە، هەندێکیش تریش پێیان وایە حەجەکەی دروست نییە، لە ڕاستیشدا ڕاستر و پەسەندتر ئەوەیە ئەم کەسە حەجەکەی دروست نییە، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : « العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر» [ رواه الترمذي في (الإيمان) باب ما جاء في ترك الصلاة برقم ٢٦٢١ ] واتا : ئەو پەیمان وبەڵێنەی کە لەنێوان ئێمەی ( ئەهلی ئیسلام ) و ئەوانی ( ئەهلی بێباوەڕیدا ) هەیە نوێژکردنە، هەرکەسێك تەرکی بکات و ئەنجامی نەدات، بێگومان بێباوەڕ بووە، هەروەها فەرموویەت: « بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة » [رواه مسلم في (الإيمان) باب بيان إطلاق اسم الكفر على من ترك الصلاة برقم ٨٢] لە نێوان کەسی باوەڕدار و کەسی هاوەڵ بڕیاردەر و بێباوەڕدا نوێژ نەکردن وتەرك کردنیەتی، ئەمەش بەلای منەوە حوکمێکی گشتگیرە بە نسبەت ئەوەی ئینکاری واجب

بوونی نوێژ دەکات، ئەوەشی تەرکی ئەکات و ئەنجامی نادات لەبەر تەمەڵی وتەوەزەلی.... خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەری فەرمی شێخ عبد العزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

ئەم فەتوایە لە گۆڤاری ( الدعوة ) ژمارە ( ١٥٤٠) لە بەرواری (١٤١٦/١٢/٢٢كۆچی) بڵاو بووەتەوە، هەروەها لە مجموع فتاوی ومقالات متنوعة، بەرگی شانزەیش دیسان بڵاو بوەتەوە .